# ناسیۆنالیسم و فێمێنیسم
# ناکۆکییەکان و ڕێگاچارەکان

گولاڵە کەمانگەر

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ. ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

- گولاڵــە کەمانگەر لە دایک بوی ١٩٨١ لە کرماشان.
- بەچلر و ماســـتەری زمان و ئەدەبی فارسی لـــە زانکـــۆی عەللامەی تـــاران، بـــە تێزی نێوان ڕشـــتەیی لە بارەی توتمیســـم و دینە سەرەتاییەکان لە شانامەدا.
- ماســـتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئافریقا لە زانکۆی ئۆسلۆ بە تێزی لێکۆڵینەوە لە دۆخی ژنانی ئێزدی پاش داعش لە ئاڵمان و کوردستان.
- خاوەنـــی پەرتووکێکە بە نـــاوی قورئان لە نێوان ئوستووره و جادوو (لێکۆڵینەوە لە بنەما ئەساتیرییەکانی چیرۆکەکانی قورئان و سروتە ئیسلامیەکان) و هەروەها کۆمەڵێک وتاری لە گۆڤارە جیاوازەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

پەیوەندیی نێوان فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم بە شێوەی نەریتی لە کوردستاندا پەیوەندییەکی پڕ لە ڕق و قینە. فێمێنیستەکان، ناسیۆنالیسم بە پیاوسالاری، نەریتی بوون و دواکەوتوویی تاوانبـــار دەکـــەن و ناسیۆنالیســـتەکانیش فێمێنیســـم بە دژبەریی مافـــی نەتەوەیی و ســـتوونی پێنجەمی دوژمن بـــوون تۆمەتبار دەکـــەن. ئەم دژبەرییـــە لـــە وڵاتانێکدا کە بەرەیەکـــی شـــەڕیان بـــە دژی داگیرکاری تێدایە و ناسیۆنالیسم بە ڕوانگەیەکی سیاسی قەتیس نەبووە و لـــە فۆرمی بزووتنەوەیەکدا بۆ ڕزگاریـــی وڵات تێدەکۆشـــێ، زیاتر زەق و بەرچـــاوە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیســـتی لەو باوەڕەدایە کە یەک بەرەی شـــەڕی سەرەکی هەیـــە و کردنـــەوەی بـــەرەی هاوتەریب و جیـــا، لە خۆیـــدا لاواز کردنـــی بزووتنەوەی ناسیۆنالیســـتییە. ناسیۆنالیســـتەکان یـــەک دروشـــمی ســـەرەکییان هەیـــە و دەڵێـــن ئەولەوییەتی یەکەم، ڕزگاریی وڵاتە و هەموو بزووتنەوە و چاکســـازییەکان دەکەونە دوای قۆناغـــی ڕزگاری. زۆر جاریـــش قەولی ئەوە دەدەن کـــە دوای ڕزگاری هەمـــوو مافێکی ژنـــان دەدەن و چیتر پێویســـت بە خەباتی ڕەگەزی نامێنێ. واتە ناسیۆنالیســـم زۆربەی جار ڕیشەی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپە جیـــاوازەکان و کەمینـــەکان و ژنان و کرێکاران و هتد بۆ دەســـەڵاتی داگیرکەر دەگەڕێنێتەوە و بۆ وەدەســـتهێنانی زیاترین کۆدەنگیی کۆمەڵایەتی، وێنایەکی ئایدیال لە داوڕۆژی وڵاتی ڕزگارکراو دەنەخشێنێ. بەڵام ئەزموون دەریخستوە کە زۆر جار ناسیۆنالیسم، دوای ســـەرکەوتن قەول و قەرارەکانی لەبیر دەکات و بە جۆرێک خیانەت بە بزووتنەوەی فێمێنیستی دەکات و وردە وردە یاسا نەریتی و ئایینی و موحافزەکارانـــەکان دەهێنێتەوە، وەک لە شۆرشـــی ڕزگاریی ئیرلەند و هیند و هێندێ وڵاتی دیکەدا بینراوە.

واتە بەشـــێک لـــەو نەبوونـــی متمانە و دژبەرییـــە دەگەڕێتـــەوە بۆ هەڵســـوکەوتی ناتەندروستی ناسیۆنالیسم لەگەڵ فێمێنیسم و ڕوانگـــەی ئامرازیی ئەوان بـــۆ بزووتنەوەی فێمێنیســـتی. لـــەولاوە ڕەوتی ســـەرەکیی شـــەپۆلی یەکەم و دووهەمی فێمێنیسم، بە هەمـــوو ڕوانگەکانیەوە قائیل بـــە خەباتێکی هاوبەشی جیهانی بۆ ژنان بوو (کە فێمێنیسمی کوردســـتانیش خـــۆی بە بەشـــێک لە وەها فێمێنیسمێک پێناســـە دەکات) و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە دۆخێکی گشتگیر و زاتی بۆ کێشـــەی ژن بوونی هەیە. ئـــەم ڕوانگەیە لە فێمێنیســـمی ڕادیکاڵ و مارکسیســـتی و سوسیالیستیدا گەیشتبووە لووتکە و بە هۆی ئەوەی هەوێنی ســـەرەکیی هەمـــوو جووڵە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ســـەرەتای سەدەی بیستەوە بە جۆرێک بیری چەپ بوو، ڕوانگەی زاڵ بەسەر فێمێنیســـمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش زۆرتر ڕوانگەی سوسیالیســـتی و کۆمۆنیستییە کە دوو دوژمنی ســـەرەکی بۆ پرسی ژن قائیلن و پێیان وایە ئەو دوو دوژمنە پیاوســـالاری و سەرمایەدارین.

بۆیە دەتوانین بڵێین فێمێنیسمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گشتی بەدەر لە پرسی ژنان پاڵنەرێکی سیاسیی دیکەی بۆ دژایەتی کردنی ناسیۆنالیسم هەبووە و هەیە و ئەویش لە وەفاداری بۆ ڕێبازی کۆمۆنیستییەوە دێت. ڕێبازێک کە دژایەتیی ناسیۆنالیزم بە مەرجی سەرەکیی ئەوەی پێی دەڵێ ڕزگاریی جیهانی دەزانێ.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی، ناسیۆنالیسمی چەقبەستوی نەریتی و فێمێنیسمی چەپی کۆمۆنیستی، دوو جەمسەری تەواو پێک ناکۆکیان پێکهێناوە کە لێک تێگەیشتنیان ئەستەم دیارە و بێگومان بە بەردەوامیی ئەم دۆخە زیان هەم بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دەگات و هەم بە بزووتنەوەی فێمێنیستی.

دژایەتیی فێمێنیسم یان پشتگوێ خستنی خەباتی فێمێنیستی لە لایەن ناسیۆنالیسمەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەشێکی گەورە لە ژنانی چالاک کە دەتوانن کاریگەریی زۆر و تەنانەت یەکلاکەرەوەیان لە پێشخستنی دۆخی نەتەوەییدا هەبێت. لە سۆنگەی شۆڕش و خەباتەوە ژن لە خەباتدا تەنیا نیوەی کۆمەڵگا نییە، واتە زیاتر لەوەی چەندێتی(کەمییەت)ی حزوری گرنگ بێت، چۆنێتی(کەیفییەت)ی حزووریە کە گرنگە. هەر ژنێکی کارامە و بە توانا لە شۆڕشدا دەتوانێ بە دەیان پیاوی هاوشانی خۆی بخاتە ژێر سێبەری حزووری سیمبۆلیکی خۆیەوە و ئەمە تایبەتمەندیی حزووری ژنە لە بواری سیاسی و نیزامی لە هەموو دنیادا. عەقڵی گشتیی دنیا لەو باوەڕەدایە کە نەتەوەیەک کە ژنانی سەرقاڵی سیاسەت و خەبات و شەڕن، نەتەوەیەکی بەهێز و جیددی و لە ئاکامدا سەرکەوتووە، بوونی ژن لە خەباتدا لە خۆیدا بوونێکی دوژمن شکێنە، بۆ تاکەکانی نەتەوە هیوا و وزەی زیاتر بەرهەم دێنێ و بۆ دوژمنیش ترسی زیاتر.

لەو لاشەوە پشت هەڵکردنی فێمێنیسم لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و دژایەتی کردنی دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی فێمێنیستەکان لە دەسەڵاتی داهاتوو و بێ تواناییان لە کاریگەریدانان لە سەر یاسا. فێمێنیسم گەر کۆمەڵە ئامانجێکی ڕوونی بۆ پرسی ژن هەبێت و خەباتی خۆی بە خەباتێکی ئەبەدی و زاتی بە دژی ناسیۆنالیسم نەزانێ، دەبێ لە بیری ئەوەدا بێت کە بە زووترین کات بە ئامانجەکانی بگات و بۆ ئەوەش مەعقوول نییە خۆی بێبەش بکات لە دەسەڵات و دارشتنی یاسا و بەڕێوەبەریی وڵات و بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی. دژایەتیی فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم، زیانی پێش سەرکەوتنی، بە ناسیۆنالیسم دەگات و دەبێتە هۆی بێبەش بوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هێزی ژن و زیانی پاش سەرکەوتنی، بە فێمێنیسم دەگات کە بێبەش بوون لە دەسەڵاتە.

بەڵام چۆن دەکرێ ئەم دوو بزووتنەوە دەمارگرژە بە سازانێکی شیاو بگەن و بتوانن هەم شۆڕشێکی نەتەوەییی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەن هەم بە وڵاتێکی یەکسان و بە دوور لە هیرارشیی پیاوانە بگەن؟

بۆ گەیشتن بە وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا لە پێناسە زاتی و قەتیس و تاک ڕەهەندییەکانی ناسیۆنالیسم و فێمێنیسم دەست هەڵبگرین و بزانین کە هەرکام لەو دوو چەمکە دەتوانن فۆرم و جۆری جیاوازیان هەبێت.

## پێک گونجاندنی فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم

### کام فێمێنیسم

وەک لە سەرەوە باس کرا نە فێمێنیسم و نە ناسیۆنالیسم هیچیان چەمکی تاکڕەهەند وخاوەنی یەک پێناسەی نەگۆڕ نین و وەکوو هەر بابەتێکی تری زانستی مرۆیی، زۆر فاکتۆر بۆ پێناسە کردنیان بوونی هەیە، بەردەوامیش

لــە گۆڕاندان و بە مەبەســتی چاکســازی و لادانــی کەموکوڕییەکان، تیــوری تازەیان بۆ پێشنیار دەکرێ.

پەیوەندیــی نێــوان فێمێنیســم و ناسیۆنالیســم، هــەر ئەوەنــدەی کە لە لای فێمێنیســتەکانی چــەپ و لیبراڵی ئوروپایی ڕوون بوو و بە نەفیی ناسیۆنالیسم دەگەیشت، بە پێچەوانەوە لە لای فێمێنیستەکانی وڵاتانی کۆلۆنی، هەمیشــە جێگای باس و مشــتومڕ بــووە. هەر ئــەوکات کە ڕەوتی ســەرەکیی فێمێنیسم، ناسیۆنالیســمی ڕەت دەکردەوە، ژنانی وڵاتانــی بەکۆلۆنی کراو، دەیانبینی کە بزووتنەوەی ژنان لە ناو خەڵکی خۆیاندا نەک بە چالاکی بۆ مافی ژنان کە لەســەر دەستی بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەستی پێ کردوە (نمونــەی کێبێک و ئیرلەنــد و مەراکش و هیند و کۆریای باشور و هەروەها کوردستان، ســەلمێنەری ئەو ڕاســتییەن) ســەرەتای حــزووری کۆمەڵایەتیی ژنان لــەو وڵاتانەدا، گرێدراوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە.

هەوڵی تیۆریــزە کردنی دۆخی جیاوازی ژنانــی وڵاتانی بەکۆلۆنی کــراو یان جیهانی ســێهەم لەگەڵ ئیدەکانی سپیڤاک، بیرمەند و فەیلەسووفی پۆست کۆلۆنیالیستی هیندی دەستی پێ کرد و بە کارەکانی چاندرا مۆهانتی و ڕانجو سودوهر، بە شێوەی تۆکمەتر لە سەر فێمێنیســم چڕ بووەوە و دەروازەیەکی دیکە لە بەرانبەر فێمێنیســمی زاتگەرای ســپی[١] (شــەپۆلی دوهەمــی فێمێنیســمی وڵاتانی پێشکەوتوو) کرایەوە.

فێمێنیســمی ســپی پێی وایــە هەموو ژنانــی جیهان لــە ســتەمێکی هاوبەش کە باوکسالاریی جیهانییە ئازار دەبینن و خەباتی ئەوان خەباتێکی هاوبەشە بە دژی دوژمنێکی هاوبەش و لــەو ڕێگایــەوە کۆدەنگییەکیان وێنا کــردووە بە نیســبەت ڕەت کردنەوەی ناســیۆنالیزم، وەکوو پێکهاتەیەکی بە وتەی ئەوان زاتەن باوکســالار. ژن لەم ڕوانگەیەوە ئەویتــری دنیایەکــە کــە پیــاو ئەکتەری ســەرەکییەتی و هەمــوو بیاڤەکانــی داگیر کردووە. دیــارە ئەم ڕوانگەیە خۆی بەرهەمی خوێندنەوەی فێمێنیســم و ئاییــن بوو (لە لایەن کەســانی وەک ڕۆزماری ڕادفێرد) کە دوو هێڵی سەرەکیی لێ جیا بووەوە. یەکیان هەوڵی ســەرلەنوێ پێناسە کردنی ژنی لە ناو دەقــی ئاییندا دا و ئەوی تریان بە گشــتی ئاییــن و دەرکەوتەکانــی ڕەت کردەوە و لە ڕەتکردنەوەی ئایینیش، بە حاشــا کردن لە کۆی کەلتووری ئەمڕۆی مرۆڤ گەیشت کە بە کەلتوورێکی باوکسالار پێناسەی دەکرد. لەم ڕوانگەیەدا ژن پەراوێزخراوێکی هەمیشەییە کــە لە هەرکوێ بێت، یــەک دوژمنی هەیە و ئەویــش باوکســالارییە (یان بــە قەولی فێمێنیستی کورد و فارس پیاوسالاری و لەم سالانەی دواییشدا نێرســالاریە) کە باڵی بە سەر هەموو بیاڤەکانی ژیانی مرۆییدا کێشاوە. بۆیــە ژنانی جیهان کە خاوەنــی بایۆلۆجیی هاوبەشــن، دەبێ بە دژی بیری یونیڤێرساڵی باوکســالارانە یــەک بگرن و هەمیشــە ئەو مــەودای نێوان خۆ و ئەویترەیان لە بیر بێت. ژنــان بۆ پێکهێنانی خۆشــکایەتیی جیهانی، دەبووایە هەر شــتێک کــە ئەوانی لێک جیا دەکردەوە وەکوو ڕەنگی پێست، زمان، نەتەوە، ئاییــن ،چینی ئابــووری، دۆخی سیاســی سەردەست و ژێردەست و ... هەمووی بخەنە پەراوێز و تەنیا ژن بوونیان بهێننە ناوەند.

لــە وڵامی ئــەم جــۆرە پۆلێنبەندییەدا، مۆهانتی لای وایە کە بانگەشەی فێمێنیسمی ســپی و جیهانی بۆ یەکســان زانینی هەموو ژنــان و ســڕینەوەی بەکگراونــدی ئەوان و ناســاندنی کێشــەکان و داخوازییەکانی ژنی ســپیی ئوروپایــی وەکوو نموونــەی هەموو ژنانــی دنیا، جۆرێــک لە تەقلیــل گەرایی reductionism و خوێندنەوەیەکی سەقەت و یەکلایەنە و تەنانەت کلۆنیالیستییە کە بەسەر بزووتنەوەی ژنانی نەتەوە بە کلۆنی کراوەکاندا

دەسەپێ. ئەو پێی وایە ژنانی جیهانی سێهەم دەبێ بتوانن شـــوێنی خۆیـــان وەکوو ژن و چۆنیەتیی بەریەک کەوتنی شوناسی ژنانەیان لەگـــەڵ دۆخی نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتی، سیاســـی و ئابووریی وڵاتی خۆیان بە وردی ئانالیـــز بکەن و خۆ لە ئەپـــڵای کردنی هەر جۆرە نوســـخەیەکی لە پێـــش ئامادەکراوی ژنانی دیکە ببوێرن.

فێمێنیسمی پۆستکلۆنیالیستی یا جیهان سێهەمی زۆر جار تاوانبار دەکرێ بەوەی کە دەستەبەرکردنی یەکسانیی وەکوو ئەولەویەتی خۆی دیاری نەکردووە و هەنگاوی جیددیشی بـــۆ هەڵناگـــرێ. بـــۆ نموونە فێمێنیســـمی ئانگلۆساکســـۆن و ئانگلۆکانادایی، هەمیشـــە فێمێنیســـمی ئیرلەنـــدی و کێبێکیـــان بە دواکەوتوو و لاواز ناوبردووە و کاتۆلیک بوون و ناسیۆنالیســـت بوونیان وەکوو دوو مۆرکی دژە فێمێنیست لە ناوچاویان داوە. نوێنەرانی ئەو ڕەوتەش لە وڵامدا دەڵێن ئەوان هەوڵ بۆ بردنەوەی سەرەوەی ستانداردی ژیانی ژنان و هەروەها کۆی کۆمەڵگاکەیان دەدەن. هەر بەو پێیەش لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی ناوچە و وڵاتی خۆیان وەکوو بزووتنەوە ناسیۆنالیستی یان مافی مرۆڤ و دیموکراســـیخوازی و هتد لە هاوکاریدان.

بەدەر لە گەنگەشەکانی نێوان فێمێنیسمی ســـپی (هەمان فێمێنیســـمی ســـیکۆلار) و فێمێنیسمی وڵاتانی کۆلۆنی و جیهانی سێهەم و ڕادەی ڕاست بوونی ئیدعاکانی هەرکامیان ئەو شتەی خوێندنەوەی پۆست کۆلۆنیالیستی دەیهێنێتـــە ناوەند، خـــودی پەیوەندییەکەیە کـــە تایبەتیکە لە بەســـتێنی بڵاوتـــری بیری کۆلۆنیالیستی و پەیوەندیی نێوان سەردەست و ژێردەســـت، کە لەودا سەردەست هەمیشە بە پێوەر و پێوانە دادەنرێ و ژێردەست دەبێ خۆی بە پێوانەی ئەو بپێوێ.

فێمێنیســـمی جیهانی ســـێهەم وەکوو ڕێچکەیەکـــی فکـــری گەر بۆ هەمـــوو ژنانی جیهانی ســـێهەم گرنگ بێـــت، بۆ ژنی کورد گرنگیی چەند قاتی هەیە، چون لە کوردستان هـــەم بەریەککەوتنـــی نێوان فێمێنیســـم و ناسیۆنالیسم زۆر زەقە و هەمیش زۆر ڕەوتی فێمێنیســـتی بوونیان هەیە (لە فێمێنیسمی ئێرانی و تورکی هەتا ئیســـلامی و سیکۆلار) کـــە پەیوەندییـــان لەگـــەڵ فێمێنیســـمی کوردســـتان هەمـــان پەیوەندیـــی کۆلۆنی و بـــە کۆلۆنیکراوە. بـــە پاڵدانەوە بـــە ڕوانگەی فێمێنیســـمی دەرەوەی ڕەوتـــی ســـەرەکی out of main stream بـــەو ئاکامـــە دەگەین کە گرنگترین کار و گەورەترین پێویســـتیی فێمێنیســـمی کوردســـتان، ئەمـــڕۆ ئانالیزی دۆخی تایبەتی ژنی کوردســـتانییە واتە ژنی کورد لە کۆنتێکســـتی سیاســـی و ئابووری و کەلتووریی کوردستاندا.

## کام ناسیۆنالیسم

ئەگەرچی وەک پێشتر باس کرا ناسیۆنالیسم بەســـتێن و یارمەتیـــدەری لـــە دایک بوونی بزووتنـــەوەی ژنـــان لـــە وڵاتانـــی کۆلۆنی و جیهانی ســـێهەمدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا، بزووتنـــەوەی نەتەوەیی، هەم لە فێمێنیســـم کەڵکی دڵخوازی وەرگرتووە و هەمیش هەوڵی داوە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆیە ناتوانین بڵێین پێک ناکۆک بوونی نێوان فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم، تەواو دەگەڕێتەوە بۆ فێمێنیسم؛ بەڵکوو کێشـــە و مەترســـییە زۆرەکانی وەها ناسیۆنالیســـمێک هەم بەرانبەر بە فێمێنیسم و هەم بەرانبەر بە ژیانی کۆی کۆمەڵگا دەبێ دیاری بکرێت.

ناسیۆنالیسمیش وەکوو فێمێنیسم خاوەنی چەندین جۆر و پێناســـەی جیاوازە، دژبەرانی ناسیۆنالیســـم (لەوانە فێمێنیسم) لایان وایە ناسیۆنالیسم هەمیشە سەرەتای شۆڤێنیسمە و بە بابەتێکی زاتەن ئەویتر ڕەتێن وەدرندەی دەزانن کە باوکســـالاری لـــە جەوهەریدایە. ئەم ڕوانگەیە دەتوانێ لەگەڵ ناسیۆنالیســـمی

باوکسالارانەدا patriarchal nationalism تەبا بێت، لەم شـــێوازەدا نەتەوە وەکـــوو بنەماڵە و هاوچەشـــنی بنەماڵەیەکـــی بایۆلۆجیکـــی سروشـــتی وێنا دەکرێ. هەمـــان ڕۆڵ کە بۆ ژن و منـــداڵ لە ناو بنەماڵەی نەریتیدا هەیە، گەورە دەکرێتەوە بۆ ســـەر هەمـــوو نەتەوە. ئـــەم جـــۆرە لـــە ناسیۆنالیســـم، پەیوەندیی نزیـــک و توندوتۆڵی لەگەڵ ناسیۆنالیســـمی ئیتنیک تەوەردا ethnocentric nationalism هەیە کە نموونەی لە ناسیۆنالیســـمی فارسی/ئێرانـــی و تورکـــی و عەرەبیـــدا دەبینین و دیارە تێگەیشتنی کوردیش لە ناسیۆنالیسم، زۆر جار شتێکی هاوشـــێوەی ئەوانەیە؛ بۆیە زۆرجار سیاســـییە کوردەکان خـــۆ دەبوێرن لەوەی کە پێیان بڵێن ناسیۆنالیســـت و زیاتر وشەی نەتەوەخواز بەکار دەهێنن و لایان وایە نەتەوەخوازیی ئەوان وەها ناسیۆنالیســـمێک نییە یان نایهەوێ وەها بێت.

لە ڕاستیشـــدا ئەو بۆچوونە دروســـت و پێویســـتە، چون وەها ناسیۆنالیســـمێک لە بێخەوە لەگەڵ دۆخی فرەڕەنگی کوردستاندا نایەتەوە و دەتوانێ کێشەی زۆر بنێتەوە.

ئانتۆنـــی ســـمیت، دوای ناســـاندنی ناسیۆنالیســـمی ئیتنیـــک تـــەوەر باســـی ناسیۆنالیســـمی فـــرە ناوەنـــد polycentric nationalism دەکات و دەڵـــێ بـــە پێی ئەم پێناسەیە هەر نەتەوەیەک مافی هەیە بەشێک بێت لە بنەماڵەی نەتـــەوەکان کە پێکەوە بە شـــێوەی یەکســـان کۆمەڵگای ئینترنەشنال پێک دێنن و ڕوونیشی دەکاتەوە کە زۆربەی بزووتنـــەوە ناسیۆنالیســـتییەکانی نەتـــەوە بەکلۆنیکراوەکان لە جۆری دووهەمن.

بۆ فام کردن و دابەزاندنی ناســـیۆنالیزمی چەنـــد ناوەند، پێویســـتە وێنـــای خۆمان لە ناســـیۆنالیزمی قەوم تەوەر کە بە شـــتێکی زاتی و نەگۆڕ ناســـراوە بگۆڕیـــن. نەتەوە لەم پێناســـەیەدا بریتییە لە کۆمەڵگایەکی گەورە کە ئەندامەکانی بە هۆی کەلتووری گشـــتیی هاوبـــەش، خۆیـــان لـــە نەتەوەکانـــی دیکە جیادەکەنەوە، لەم پێناسەیەدا هیچ جێگایەک بۆ توخمی نەگۆڕ و زاتی و لە پێش دیاریکراو بوونـــی نییە، بەڵکوو بەســـتراویی کەلتووری هاوبەشـــە کە بەردەوام لەگەڵ سنوورەکانی نەتـــەوە لە گۆڕاندایە. وەها ڕوانینێک بەرانبەر بە نەتەوە، چاوی لـــە داهاتووە نەک ڕابردوو و بـــەردەوام ئامادەیی ئـــەوەی تێدایە خۆی لەگەڵ ئایدیا و خەڵکانی تازە بەڕۆژ بکاتەوە و هەردەم کەلتووری خۆی کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بخولقێنێتەوە.

ئەو دوو پێرســـپێکتیڤە جیاوازە لەســـەر ڕابـــردوو و داهاتـــوو گرنگتریـــن خاڵی لێک جیاکردنـــەوەی ناسیۆنالیســـمی مەیلـــەو شۆڤێنیســـم و ناسیۆنالیســـمی تەندروستە. ناسیۆنالیسمی ئیتنیک تەوەر کە زۆر مێژووی کەونارا هەڵدەداتەوە و لە دووی شـــکۆیەکی نـــاڕوون و وەهمـــی لە ڕابـــردوودا دەگەڕێ، زاتگـــەرا و خاوەنی وێنەیەکی چەقبەســـتوو لە نەتەوەیـــە کە زۆربەی جـــار لە نەریت و دەرکەوتە نەریتییەکاندا خۆی نمایش دەکات (لە جلوبەرگ و هەڵســـوکەوت و سیستەمی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی) ئەم ناسیۆنالیسمە هاولفە لەگەڵ گەردەلوولی ڕەگەزپەرەســـتی، ڕەتانـــدن، داگیـــرکاری، یەکدەســـت کردن، جینۆساید و کوشتن و دەمارگرژی و ئەگەری زۆری هەیە تووشـــی ئەو دەرئەنجامانە بێت. بـــە پێچەوانـــەوە ناسیۆنالیســـمی فرەناوەند کـــە ڕوو لە داهاتووە و باوەشـــی بۆ جیاوازی کراوەیە، کەلتوور بە شتێکی لەحاڵی گۆڕاندا دەزانـــێ و ئاگایە بە دیالۆگ و بەریەککەوتنی بەردەوامی کەلتـــوورەکان و ئەو تێکەڵبوونانە بە فەوتـــان و لە ناوچوون نازانێ، بەڵکوو هەر شتێکی تازە بە زووترین کات دەکاتە بەشێک لـــە کەلتووری خودی و ســـنووری خودی و ناخودی نەک بە چەقبەســـتوویی، بەڵکوو بە چـــەوازی و توانایی خۆیی کردن دەپارێزێ، ئەم ناسیۆنالیسمە هاولفی بەرامە و نەسیمی

خۆســەری، کەرامەتی کۆیــی، حاکمییەتی خودی و ســەربەخۆییە و خاوەن ناسنامە و کەســایەتی بوونە و ئاسۆی وڵاتێکی کراوە و ئامادەی پێشکەوتن وێنا دەکات.

ئەگەرچــی ئــەم دوو ڕواڵەتــە زۆر جار پتانسییەل و ئیمکانی تێکەڵاو بوونیان هەیە بــەڵام گرنگە کە ســنوورێک لــە نێوانیاندا لــە بەرچاو بگرین. ئەو ســنوورە لە پرســی نێوخۆییدا زۆر باش دەتوانێ دیاری بکرێ.

ناســیۆنالیزم دوو ئامانجــی هەیە: یەک ئامانجــی دەرەکی کە بریتییە لە پاراســتنی ســەربەخۆیی وڵات و هەروەهــا حورمەت و حــزوری بەرانبــەر و یەکســانی لە فەزای نێونەتەوەییــدا. دووهــەم ئامانجی ناوخۆییە کە پێکهێنانی فەزایەکی یەکســان بۆ هەموو تاک و گرووپەکانە کە بتوانن لە ئاسایشدا لە مافە یەکسانەکانیان بەهرەمەند بن. واتە لەم ڕوانگەیەدا، عەداڵەتــی کۆمەڵایەتییش وەک بەشــێک لە ئەرکی ناسیۆنالیزم دێتە ئەژمار، چــون پەیوەندیــی ڕاســتەوخۆی بە دۆخی دەرەکیی وڵاتەوە هەیە. ئەو ڕەهەندە ناوخۆییە گەر لە بەرچاو نەگیردرێ کێشەی ئاسایشی نەتەوەیــی و ناکۆکیی ناوەکــی دەنێتەوە کە لەســەر پێگەی جیهانیی وڵاتیش کاریگەری دادەنــێ و لەرزۆکــی دەکات و تەنانــەت لەوانەیە تووشی هەڵوەشــانەوەی بکات. لەم سۆنگەیەوە ناســیۆنالیزمی فرەناوەند ئیمکانی ئەوەی تێدایە کە ئــاوڕ لە جیاوازییەکانی ناو پێکهاتــەی نەتەوە بداتــەوە و دەنگی هەموو گرووپەکان (لەوانە فێمێنیستەکان) ببیستێت و لە دەسەڵاتدا بەشداریان بکات.

لێرەوە پێناسەی زاتگەرایانە بۆ ناسیۆنالیزم کە وەکوو ئایدیایەکی ئیقتدارخواز و تۆتالیتێر ناسراوە دەتوانێ ڕەت بکرێتەوە و ناسیۆنالیزم و ئەم چەمکە ببێت بە خاوەنی پێناســەیەک کە بنبەستە هەنووکەییەکانی فامی تیوریی ناســیۆنالیزم لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەراســتدا، تا ڕادەیەکــی زۆر بکاتــەوە و ئاســۆی ڕوونتر بــۆ ناســیۆنالیزم و نەتەوەکانــی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بنەخشێنێ.

دەبێ بزانیــن چاوەڕوانییەکانی پێشــوو لە نەتــەوە وەکوو یەکەیەکی یەکدەســت و هەوڵدان بۆ یەکدەســت کردن نە لە ڕاستیدا ئیمکانی هەیــە و نە کاریگــەرە، هەر وەک هەوڵەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا نیشــانی داوە هەوڵی زاڵ کردنی یەک پێناســەی ڕوون و هاوبەش لە سەرەوە و داســەپاندنی بە ســەر تاک و گرووپەکانی کۆمەڵــگادا بێ ئاکامــە. نەتــەوە بریتیە لە پێکهاتەی جۆراوجۆری گرووپی، عەشیرەیی، ناوچەیی، زمانی، ڕەگەزی و چینایەتیی جیاواز کــە کۆدەنگی لە ســەر کەلتوورێکی تایبەت کۆیــان دەکاتــەوە و تا کاتێک هەســت بە ســەپاندن نەکەن هانیان دەدات بۆ پاراستنی کیانی نەتەوەیی هاوبەشیان تێبکۆشن.

فێمێنیســم وەکــوو نوێنەری بەشــێکی پەراوێــز خــراوی کۆمەڵگا لــە وڵاتانی ژێر دەســت و داگیرکــراودا، دەبــێ بتوانــێ لە جیاتــی دژایەتیــی ناســیۆنالیزم، بچێتە ناو دیالۆگی هۆشــیارانە لەگەڵی و کاریگەری لە ســەر دیسکۆرســی نەتەوەیی دابنێ و بەرەو پاراستنی بەرژەوەندیی ژنان پاڵی پێوە بنێت. چالاکانــە بەشــداری پاراســتنی کەرامەتی نەتەوەیی بێت و لە هەمــان کاتدا ئاگاداری کۆنترۆڵکردنی ناســیۆنالیزمی باوکســالار و زاتگــەرا بێت و هەوڵی بنەمایــی بۆ گۆڕانی بدات. بەرەڵا کردنی پرســی داهاتوی نەتەوە و گرنگی نەدان پێــی و بە دواکەوتوو ناوزەد کردنی ناســیۆنالیزم، نەک تەنیا پرۆســەی ڕزگاریــی نەتەوەیی وە دوا دەخات، (بە هۆی لەدەستدانی ژنانی چالاک کە بەشێکی گرنگ لە هێزی مرۆیی و کارای کۆمەڵگان)، بەڵکوو خودی فێمێنیسم و داهاتوی فێمێنیسمیش تووشــی قەیــران دەکات و خاوەنداریەتی و بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداریی داهاتوی وڵات، بــە تەواوی دەخاتە دەســتی ناسیۆنالیســم

و هیچ یارمەتییەک بە چارەسەریی کێشەکانی فێمێنیستان نادات. فێمێنیسم بە دژایەتیکردنی ناسیۆنالیسم، خۆی دەکات بە ئەویتری پێکهاتەی نەتەوەیی و وەها دژبەرییەک زیانی جیددی بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی هەموان و لەوانە فێمێنیسم دەگەیێنێ.

## لە کۆتاییدا

زانستی مرۆیی زیاتر لە نیوسەدەیە کە خۆی لە ژێر پێناسە ڕەها و نەگۆڕنوێنەکان دەرهێناوە و مەزن گێڕانەوەی مۆدێرنیستی و پۆزیتیڤیستی، گەر بە چەکوشی ڕەخنە و ئانالیزی نوێ ورد و شی نەکرێتەوە قسەیەکی ئەوتۆی لە بەرهەمهێنانی زانستی ئەمرۆی دنیادا نییە. ڕێچکەی نوێی زانستی مرۆیی بە تایبەت بۆ ئەو نەتەوە و گرووپانە کە لە مەزن گێڕانەوەی مۆدێرنیستیدا بە پەراوێز کەوتوو، وردەکەلتوور و تابعی سروشتی کەلتوورە بە ناو مەزنەکان ناودێر کرابوون، دەرفەتێکی باش و گرنگە بۆ چەمکاندن conceptualization ی دۆخی تایبەتی خۆیان و دەرهاتن لە ژێر هێژمۆنیی دەسەڵاتی فکری و فەرهەنگیی نەتەوە و گرووپە سەردەستەکان.

کورد بە هۆی ئەوەی بەشی گەورەی زانستی خۆی بە واستەی زمانی وڵاتە داگیرکەرەکانی وە دەست هێناوە، فامی لە چەمکە نوێیەکان هەمان ئەو شتەیە کە داگیرکەران لە ڕەوتی دارشتنی ستراتێژیی سیاسی و کەلتووریی خۆیاندا پەسەندیان کردووە، واتە ناسیۆنالیسمێک کە کورد بە شێوەی نەریتی دەیناسێ، هەمان ناسیۆنالیسم بە پێناسەی سەدەی نۆزدەیە کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە پێویست نازانن ئاڵتێرناتیڤی بۆ بخەنە بەردەست. ناسیۆنالیسمێک کە دەتوانێ سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکان پاساو بداتەوە. هەروەها فێمێنیسمێک کە کورد دەیناسێ هەمان فێمێنیسمی سیکۆلار و بەرواڵەت جیهانییە کە لە ڕێگای فێمێنیسمی ئێرانی و تورکی و عەرەبییەوە بە کوردستان گەیشتوە و هیچ گرنگییەک بە باسە نوێیەکانی فێمێنیسمی جیهان سێهەمی و فێمێنیسمی ناسیۆنالیستی نادات. ئەم جۆرە خۆ دیتن لە چاویلکەی دیاریکراوی ئەویتری داگیرکەرەوە، ناتوانێ ئاسۆیەکی ڕوون و نوێ بە ڕووی جیهانی فکریی کوردستاندا بکاتەوە و پێویستە کە توێژی بیرکەرەوەی کورد هەوڵ بۆ دارشتنی تیوریی نوێ بۆ مەفاهیمی ژیانی سیاسی و کەلتووریی مرۆڤی کورد بدات و بە هەمان شێوە پێویستە کە چالاکی سیاسی و چالاکی فێمێنیستی، بە ڕوانگەیەکی بەرینتر و سەرچاوەی ڕەسەنتر و بەرۆژتر، لە بیاڤی چالاکیی خۆیان بڕوانن. بەو شێوەیە دەتوانن هەم بە فامێکی دروستتر لە خۆیان بگەن و هەمیش بتوانن ڕێگاچارەیەک بۆ ناکۆکییە بەرواڵەت بنەماییەکانیان بدۆزنەوە.

## پەراوێز

[١]. ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیسم بە پێی ئەوەی لە بەرانبەر کام جۆری فێمێنیسمدا پێناسە بکرێ ناوی جیاوازی لێ دەنرێ، گەر لە بەرانبەر فێمێنیسمی ئایینیدا بێت، بە ناوی فێمێنیسمی سیکۆلار دەناسرێ، گەر لە بەرانبەر فێمێنیسمی ژنانی ڕەنگین پێست و غەیری ئوروپاییدا بێت، بە ناوی فێمێنیسمی سپی دەناسرێ، گەر لە بەرانبەر فێمێنیسمی ناسیونالیستیدا بێت، بە ناوی فێمێنیسمی سەروونەتەوەیی دەناسرێ؛ بەڵام هەموو ئەم ناوانە یەک بەرانبەری واقیعییان هەیە کە هەڵگری هەموو ئەم تایبەتمەندییانەیە. بۆیە بەکارهێنانی ناوی جیاواز بۆ ڕەوتی سەرەکی main stream فێمێنیسم لەم نووسینەدا هەڵگری مانای جیاواز نییە و بە پێی جێی بە کار هێنان، یەکێ لەو ناوگەلە هەڵبژێردراوە.

لەم نوسراوهیەدا پێداگری لە سەر وشەی باوکسالارییە لە جێی پیاوسالاری، وەرگێڕانی دەقاودەقی وشەی patriarchism باوکسالارییە و بە دروستییش تەعبیر لە کۆمەڵگایەک دەکات کە وەکوو بنەماڵە پێناسە دەکرێ و هێزی باوکانە و کۆی بەهاکانی بنەماڵەیەکی باوک تەوەر لە لووتکەی هیرارشیی کۆمەڵگادایە، پیاوسالاری بە ڕای نووسەر وەرگێڕانێکی هەڵەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تێیدا لادراوە و تەنیا جیاوازیی ڕەگەزی تێیدا بەرجەستەیە.